# ئافرەت
# لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "ئانا ماری شمیل"
# -توێژینەوەیەكی وەصفی شیكارییە-

**د. زانا ناجی**
زانكۆی سلێمانی، كۆلیژی زانستە ئیسلامییەكان
Zana.andalla@univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە**

ئافرەت لە دیدگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئانا ماری شمیل؛ پێگەیەكی تایبەتی هەیە و، لە چەندین شوێنی بەرهەمەكانییدا ڕا و بۆچوونی خۆی دەرهەق بە ئافرەت لە ژیاری ئیسلامییدا خستووەتەڕوو، ئەویش لە كڵاوڕۆژنەی هزرە عیرفانییەكەوە و، بە حوكمی شارەزایی لە زمانی ئەسڵی سەرچاوەكانی واتە عەرەبی، فارسی، توركی و ئۆردوی، توانیویەتی ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆیان و بەبێ بوونی كۆسپی زمان و تەرجەمەی وەرگێڕەكان، بۆخۆی لێیان تێبگات.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەصفی شیكاریی ڕەچاوكردووە، ئامانجی خستنەڕوو و شیكارییكردنی بابەتی ئافرەتە لە چەندین گۆشەنیگاوە، هەرچەندە پێشتر كەسانی چەشنی سولەمی و ئیبن عەرەبی و ئیبنولحەزم و سیوطی و سەخاوی، قسەیان لەبارەوە كردووە و زۆرینەی مامۆستاكانیان ئافرەت بوون؛ بەڵام كارێكی فرە ئەستەمە، لەبەر ئەوە پێمان وایە گرنكی توێژینەوەیەكی لەم چەشنە بۆ تەواوی خوێنەری كوردی تەنها لە هەستیاری ئەو بابەتەدا خۆی نابینێتەوە كە "شمیل" زۆر بە سانایی نمایشی كردووە؛ بەڵكو لەوەدایە كە یەكەمین كەس بووە بەم چەشنە و لەمیانەی چەندەها بەرهەمی خاوەن توراس و باگراوەندێكی فیكری و ئەدەبییەوە، پێشكەش بە خوێنەرانی جیهان كردووە،

كلیلە وشەكان: ئافرەت، شمیل، چالاكەوانی سیاسی، ژنچاك، ڕۆژهەڵاتناسی

**ملخص البحث**

إن المرأة الألمانية آنا ماريا شيمل لها مكانة خاصة، وقد كتبت عنها كتابات وتأليفات رائعتين، فكانت باكورة أعمالها من أَجلّ المصنفات في هذا الباب نتعرف من خلالها على جانب بات لفترة طويلة مغفلا في الدراسات العربية، حيث تأخذنا من خلال نصوصها في جولة روحانية وفنية جمالية. حيث عبرت عن رأيها في أماكن عدة من كتاباتها حول المرأة في الحضارة الإسلامية وذلك من خلال أفكارها العرفانية، كونها ملمة وعارفة بأصول لغات عالمية منها اللغة العربية والفارسية والتركية والأردية والباكستانية والبنجابية واللكنات الهند-الشرقية، بوصفها قادرة -وبشكل مباشر – الرجوع إلى المصادر الأصلية التي كتبت عن المرأة دونما أية صعوبة لغوية وترجمات المترجمين. وقد اتبعنا منهج الوصفي التحليلي، بغية تحليل الموضوعات المتعلقة بالمرأة من خلال زوايا متعددة على الرغم من أن هذا الموضوع سبق أن تحدث عنها كل من السلمي وابن عربي وابن حزم والسيوطي والسخاوي حيث كان جل شيوخهم مرأة، ولذلك رأينا أن أهمية البحث لجميع قراء الكورد لا تكمن فقط في حساسية الموضوع، التي وظفتها **شميل** بشكل عادي وبكل سهولة، بل تكمن في كونها في صدارة المؤلفات اللاتي كتبن عن ذلك الموضوع بشكل متفاني وبخلفية فكرية وأدبية مستخدمة فيها اللغات المختلفة واللكنات المتنوعة.

الكلمات المفتاحية: المرأة، شميل، الناشطة السياسية، السالكة، الاستشراق.

**پێشەكی**

زۆرن ئەو پەرتووكانەی لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە چارسەری بابەتی (ژن)یان كردووە لەئیسلامدا، ئیدی جیاوازی نییە لە ڕووی توێژینەوەی كۆمەڵایەتییەوە بوو بێت یان گرفتی پزیشكی، هاوكات توێژینەوەیش دەربارەی بابەتی حەریم بە ئەرێنی و نەرێنییەوە كراوە. چەندان بەرهەمی دیكە سەبارەت بە خانمانی دەسەڵاتداری توركی و عەرەبی و فارسی نووسرا بوون، لەمیانەی بەرهەمگەلێكی دیكەوە گرفتی ڕەگەزیی و پەروەدەكردنی منداڵان، چارسەر كراوە. بەكورتی بابەتی ژن یاخود ئافرەت لە ئیسلامدا بە پرسی ڕۆژ دادەنرێت، كە تێیدا لەمیانەی توێژینەوەوە بایەخی تایبەت بە دۆزی ژنان دەخرێتەڕوو؛ بەڵام

بەداخەوە زۆرینەی ئەو لێكۆلینەوانە بەوپەڕی ئازادیی و بێ سەروبەرییەوە ئەنجامدراون و پشتیان بە پەیبردن بە حەقیقەتە مێژووییەكان و بەتایبەت شارەزابوون لە زمانەكانی جیهانی ئیسلامی و داب و نەریتەكانیان، نەبەستووە؛ بەڵام بەردەوام ئەو توێژینەوە نایابەی **وێبكی واڵسێرس**[1] سەبارەت بە "ژن لە ئیسلامدا" بە یەكێك لە لێكۆڵینەوە گرنگەكان لەقەڵەم دەدرێ. پەرتووكە مەزنەكەی **ساچیكۆ مۆراتا**[2] بەناوی "تاو لە ئیسلامدا"، كە لە خاڵی دەرچوونی فیقهییەوە بایەخ بە رەگەزی ئافرەت دەدات، كە ئەمیش بە یەكێك لە گرنگترینی سەرچاوەكان، دێتەهەژمار.

**گرنگی توێژینەوە:**

1. ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە پەیوەندی ڕەگەزیی دەدات لە ئیسلامدا و زۆریش لە پەرتووكی گەورە سۆفیزمە خوێندراوەكان دەچێت.

2. ئەگەرچی توێژینەوە و كۆڵینەوەی هەمچەشن هەم بە نامەی ماستەر و هەم تێزی دكتۆراش لەسەر ئەم ڕۆژهەلاتناسە كراوە، وەلێ ئەمێستاشی لەگەڵێت هیچ توێژەر و نووسەرێك بایەخی بە وەها لایەنێكی مێینە یان ئافرەت نەداوە لە گۆشەنیگای **شمیلەوە**، كە هیوادارین ئەم توێژینەوە خاكەڕاییە بۆ تێگەشتن لە دۆخی مێینە لە ئیسلامی سۆفیدا، یەكێك لە باشترین كارێك بێت كە ئەنجاماندابێت.

گرفتی توێژینەوە:

1. بێگومان یەكێك لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوومانبووەتەوە، كنەكردن و خوێندنەوەی سەرجەم بەرهەمەكانی ئەم خانمە بووە، كە بە زیاتر لە حەوت زمانی جیاواز لە تەسەووفی ئیسلامیدا، نووسیونی، سەربارى ئەوهش توێژینەوە لە بابەتی تەسەووف كارێكی ئاسان نییە، بەتایبەت ئەو بابەتەش لە بواری مێینە یان ماكی ئافرەتدا بێت لە دیدی زانایەكی چەشنی **شمیلە**وە بێت، چونكە ئەم خانمە پرۆفیسۆرە هاتووە سەرچاوەگەلێكی بنەڕەتی و ڕەسەنی بەكار هێناوە، كە لە سەر هەڵدانی تەسەووفەوە بگرە، هەتا ئەمڕۆ، زانستییانە و بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵ كردوون و دەرەنجامی پێویستی لێدەرهێناون و، كەم كەس توانیویەتی بەو ئاستە و بەم جۆرەها زمان و شێوەزارە گوزارشت لە ئافرەت بكات.

2. یەكێكی دی لەو گرفت و ئاستەنگانە ئەوەیە، كە **شمیل** ئاماژەی زۆری بە ئافرەتەكان كردووە و ژیاننامەشیانی لە پەراوێزدا باس كردووە، بەڵام لە هیچ شوێنێكدا ئاماژەی بە سەرچاوەی ئەو ژیاننامانە نەكردووە، بۆیە ناچار توێژەر بەو كارە هەستا.

میتۆدی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیكاریی ڕەچاو كردووە و، لە ناو میتۆدی شیكاریشیدا سەرنجی خستووەتەسەر تەوەرەی ڕاڤیاریی (التفسيري).

پلانی توێژینەوە: دەكرێت ئەم توێژینەوەیە بۆ دوو تەوەری سەرەكی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان، پێكدێت. لە تەوەری یەكەمدا تیشك بخرێتەسەر ژیان و گرنگترین بەرهەمەكانی شمیل، ئەم تەوەرەش دەكرێت بە سێ باسی سەرەكییەوە؛ باسی یەكەم قسەكردنە لەسەر ژیانی زانستی و ئەكادیمییەكەی، باسی دووەم ئاماژەدانە بە گرنگترین خەڵاتەكانی، هەرچی باسی سێیەمە تیشكخستنەسەر گرنگترین بەرهەم و نووسینەكانییەتی. وەلێ تەوەری دووەمە كە لە ژێر ناونیشانی پێگە و ڕەهەندی ئافرەت لە دیدی شمیلەوە؛ لە چوار باس پێكدێت" باسی یەكەم دەربارەی تێڕوانینی قورئان و سوننەتە وەك سەرچاوەی پەسنی ئافرەت، باسی دووەم تیشكخستنەسەر بایەخدان و ناساندنی خانمی **شمیلە** بۆ ئەو بەرهەمانەی سەبارەت بە ئافرەت نووسراون، هەرچی باسی سێیەمە دەربارەی ئافرەتە دەسەڵاتدارانەن كە وەك چالاكی سیاسی وابوون، باسی چوارەمیش تەرخانكراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی نوێنەرایەتی خوداناسی دەكەن.

**تەوەری یەكەم: ژیان و بەرهەمەكانی "شمیل"**

لە ڕاستیدا ژیانی خانمی شمیل سیخناخە لە كۆژان و ئاوارەیی و بەندیخانە، تووشی تەنگوچەڵەمەیەكی زۆر هاتووە، وێڕای ئەوەش دارای چەندان بەرهەمی ناوازەیە لە عیرفانی ئیسلامییدا و خزمەتێكی زۆرباشی بەو بوارە كردووە، لەوەیە خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە؛ ڕووبەڕووی ئاسۆیەكی فیكری و ڕۆحی ببێتەوە و دنیابینییەكی باشتر و فراوانتری دەربارەی خودی مێینە یان ئافرەت ببێتەوە، بۆیە پێش ئەوەی باس لە دید و بیروبۆچوونی شمیل بكەین دەربارەی ئافرەت، پێویستە لە پێشدا تیشك بخەینەسەر ژیانی بەشێوەیەكی گشتی.

**باسی یەكەم: ژیانی زانستی و ئەكادیمی**

---

1 خانمە توێژەرێكی ئەڵمانییە لە بواری ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەرهەمەكانی: " المرأة في الإسلام" و "تاريخ مختصر للأدب العربي".
2 مامۆستای خوێندنی ئایینی ئاسیاییە لە زانكۆی نیۆرك، بە ئەسڵ یابانییە و ناودارترین بەرهەمەكانی: "الطاو في الإسلام" و "زواج المتعة في الإسلام" هەروەها كتێبی "معالم الأصول"ـی بۆ یابانی وەرگێڕاوە.

**شمیل** خانمە نووسەر و پڕۆفیسۆرێکی نامداری ئەڵمانی دیار و مەولانا ناسێکی بەناوبانگە و تەنها لە بواری عیرفان و مەولاناناسییدا خاوەنی نزیکەی (٥٠) کتێبە، بە گشتیش خاوەنی زیاتر لە (١١٠) دانراوە. لە ساڵی (١٩٢٢ز) لە شاری ئورفۆن لە دایکبووە، هەر لە دەمی منداڵییەوە پەیوەندی لە گەڵ دنیای ڕۆژهەڵاتدا پەیدا کردووە، ئەگەرچی دایبابی ڕاستەوخۆ ئەم پەیوەندییەیان نەبووە. دایکی تا ئەندازەیەك کەسێکی ئاسایی و باوکی حەزی لە فەلسەفە و عیرفان هەبووە، لە قوتابخانەدا بە فێربونی زمانی فەرەنسی و لاتینی دەستی پێکردووە، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەستی کردووە بە فێربوونی زمانی عەرەبی و نزیکەی (٢٥) گووتاری بە زمانی عەرەبی نووسیوە. لە تەمەنی پانزەساڵیدا دبلۆمی وەرگرت و پاشان فێری ئینگلیزیش بوو و چەندین دانراویشی بە زمانی ئینگلیزیی داناوە.

لە ساڵی ١٩٣٩دا لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی شاری بەرلین بوون، لە دوای یەك ساڵ و لە ساڵی ١٩٤١دا نامەی دکتۆراکەی لە ژێر ناونیشانی (مكانة علماء الدين في المجتمع المملوكي)دا نووسی، لە ساڵی ١٩٤٣دا (مجلة عالم الإسلام) لە ژێر ناونیشانی (الخليفة والقاضي في مصر في العصور الوسطى المتأخرة)دا، چاپی کرد. کەمێك پێش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم واتە ساڵی ١٩٤٥؛ لە نامەی دووەمی دکتۆرا لە زانکۆی بەرلین بوویەوە بەناوی (الطبقة العسكرية المملوكية)، کە بچووکترین ئافرەت بوو ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت و لە زانکۆی ماربورگ وانە دەربارەی (تەسەووفی ئیسلامی) بڵێتەوە، کە هەر هەمان ساڵ باوکی کۆچی دوایی کرد، کەواتە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا دوو بڕوانامەی دکتۆرای هەبوو. یەکێك بوو لەو لیژنەیەی بە زۆر لە ساڵی ١٩٤١دا بەشێك لە کتێبی (كفاحي) هیتلەریان وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی و تورکی، بۆ ئەوەی لەکاتی وەرزی حەجدا بەسەر مسوڵماناندا دابەشبکرێت، ئەوەش بەهۆی دنەدان و هاندانی عەرەب و تورکەکان لە دژی داگیرکەری ئەو دەمەی بەریتانی.[3]

پاشان لە دووبەشی جیادا بۆ خوێندن ناوی نووسیوە، کە بەشی کیمیا-فیزیا و هەروەها بەشی مێژووی هونەری ئیسلامییە، کە توانی بەسەرکەوتوویی درێژە بەو دوو بەشەی خوێندن بدات، دواتر دەستی کرد بە خوێندنی فارسی و تورکی عوسمانیی.

لەڕووی فێربوونی زمانەوە زۆر سەیر بوو، بە ئەندازەیەك ئەو زمانانەی کە بە شێوەزارەکانییانەوە نزیك دەبوونەوە لە ١٥ زمان، دەیزانی و، دەیتوانی ڕۆمانی پێبخوێنێتەوە وەك ئەوەی زمانی دایکیی بێت.

لە ساڵی ١٩٥١دا توانی دکتۆرایەکی دیکەی بەدەستبهێنێت لە ژێرناونیشانی (مصطلح الحب الصوفي في الإسلام)، دواتر ئەم دیراسەیە وەرگێڕدرا بۆ زۆرینەی زمانەکانی جیهان و، هاوکارێکی باشیش بوو بۆ وەرگێڕانی چەندەها بڕگەی دوورودرێژ کتێبی (موقەدەمەی ابن خلدون)، کە زانایانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی داوایان لێکردبوو، ساڵی ١٩٥٢ یەکەمین سەردانی بەرەو جیهانی ئیسلامی دەست پێکرد، ڕۆشتە تورکیا، دواتر و لە ساڵی ١٩٥٦ جارێکی دی گەڕایەوە تورکیا و لەوێ بۆ ماوەی ٥ ساڵ نیشتەجێ بوو و وەك مامۆستای یاریدەدەری زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەنقەرە وانەی دەوتەوە، دواتر بوو بە پڕۆفیسۆری کورسی لە مێژووی ئایینەکاندا.

ساڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ زانکۆی بۆن و لەوێ نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٩٦٧ میوانداری کرا بۆ زانکۆی (هارڤارد) و وەك مامۆستای کورسی لە بەشی کولتوری هندو ئیسلامی وانەی دەوتەوە، کە بایەخی بە مێژووی ئیسلام دەدا لە هندستان، بایەخێکی زۆریشی داوە بە جوانووسی ئیسلامیی، لە ساڵی ١٩٨١ گرنگترین کتێبی بە زمانی ئینگلیزی نووسی بە نێوی (محەممەد پێغەمبەری خودایە)[4] کە بەزمان ئەڵمانیش چاپکراوە و دەزگای جەمال عیرفان لەلایەن (م. عەلی نادر)ەوە لە ئینگلیزییەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە زۆر بەجوانی باسی سیرەی پێغەمبەری خودای تێدا کردووە و بە هیچ شێوەیەك سیرەکەی نەشێواندووە، ئەمەش ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەڵمانیای هێنایە سەرخەت و دژی وەستانەوە، بەڵام ئەم خانمە بە ئاشکرا پێی وتن: "بەڵێ من پێغەمبەری خودام خۆشدەوێت".

**باسی دووەم: گرنگترین خەڵاتەکانی**

لە ساڵی ١٩٩٥ هەرکە خەڵاتی ئاشتی یەکێتی نووسەرانی ئەڵمانی بردەوە و سەرۆکی ئەڵمانیا پێیبەخشی، ڕاگەیاندنەکان هێرشی توندیان کردە سەری و بە فێندەمێنتاڵ و ئوصوڵی و توندئاژۆ دایان لە قەڵەم، هۆکارەکەشی ئەوە بوو شمیل زۆر بە توندی دژی ئەو ڕۆمانەی سەلمان ڕوشدی بە نێوی (آيات شيطانية) وەستایەوە، کە زۆر بە خراپی سووکایەتی بە خودی پێغەمبەر (د.خ) دەکرد. چەندین گەشتی بۆ وڵاتان کردووە بە مەبەستی خوێندن یان وانەوتنەوە لە زانکۆکاندا، لەوانە: سوید، تورکیا، ئەمریکا، پاکستان .. هتد. بەئەندازەیەك لە وڵاتی پاکستان بەهۆی ئەو پێگە و خزمەتە زۆرەی بە کەلەپوور و دەستنووسی ئەو وڵاتە کردوویەتی، ڕێزێکی زۆریان لێناوە و شەقامێکیان کردووە بە ناویەوە و خۆیشی لە پەنای شەقامەکەدا بۆ یادگاری

3 ڕۆحم مێینەیە: آنا ماري شيمل، و. زانا ناجی، ل13
4 ڕۆحم مێینەیە: آنا ماري شيمل، و. زانا ناجی، ل14



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وێنەی گرتووە. لە وڵاتانی دەرەوە چەندین دکتۆرای فەخری وەرگرتووە، نمونەیەك لەو مەدالیا و خەڵاتە بەرزانەی کە لە وڵاتانی دنیادا وەریگرتوون:

1. لە ساڵی (١٩٦٥)دا مەدالیای فریدریشی وەرگرت.
2. لە ساڵی (١٩٧٤)دا مەدالیای زێڕی هامپرپوگشتاڵ.
3. لە ساڵی (١٩٨٠) مەدالیای نیشانی خاچ لە ئەڵمانیا و هەر لەم ساڵەدا خەڵاتی (یوهان هایرش فوس)ـــی لە ئەکادیمیای زمان و شیعردا وەرگرت.
4. لە ساڵی (١٩٨٠-١٩٩٠) هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی مێژووی ئایینەکان.
5. لە ساڵی (١٩٨١) بوو بە ئەندام لە ئەکادیمیای شاهانەی هۆڵەندی.
6. لە ساڵی (١٩٨٧) مەدالیای لوی دلاویدای لە زانکۆی کالیفۆڕنیای ئەمریکا وەرگرت.
7. لە ساڵی (١٩٨٨) دکتۆرای فەخری زانکۆی سەلجوقی توورکیای وەرگرت.
8. لە ساڵی (١٩٩٢) خەڵاتی لۆکاسی زانکۆی توبی لگنی وەرگرت، کە پێشتر سەرکردەی نامداری ڕۆحی (دالای لاما) وەریگرتبوو.
9. لە ساڵی (١٩٩٨) خەڵاتی دکتۆرای فەخری زانکۆی زەهرای ئێرانی لە تاران وەرگرت.

**باسی سێیەم: گرنگترین بەرهەم و نووسینەکانی**

لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو کتێبانەی ئەم خانمە گەورەیە نووسیونی نزیکەی (١١٠) سەد و دە کتێبە، ئەمەش گەلێك زۆرن و ئەمە بێجگە لە چەندین وتار و وەرگێڕان و پێشەکی بۆ چەندین کتێب کە هێندە زۆرن، هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە تەنەناتە خودی خانمی شیمیلیش پێرستی تەواویان بۆ بنووسێت، هاوکات ناشزانێت هەتا ئێستا چەند وتاری نووسیوە، ئەمەش ناوی هەندێك لە بەرهەم و کتێبەکانیەتی:

1. (الخليفة والقاضي في مصر في العصور الوسطى المتأخرة) (نامەی دکتۆرا) ساڵی ١٩٤٣.
2. ترنيمة الناي ( أو أغنية الناي ) 1948.
3. اللغة التصويرية عند جلال الدين الرومي 1949.
4. ابن خلدون: مقاطع مختارة من المقدمة 1951. (وەریگێڕاوە بۆ ئەڵمانی)
5. الجميل والمقدس (بەندە سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەی دیکەی نووسەرم)
6. محمد إقبال: رسالة الشرق بوصفها إجابة على الديوان الغربي الشرقي لجوته ١٩٦٣.
7. الباز الأشهب .. ملاحظات في البيزرة في الشرق و العرب 1964.
8. ورقة من تاريخ الاستشراق في ألمانيا: أوجست فيشر 1965.
9. الحلاج شهيد العشق الإلهي ١٩٦٨.
10. الأبعاد الصوفية وتاريخ التصوف ١٩٧٤، **(بەندە و مامۆستا هیوا مەحموود، وەرمانگێڕاوە).**
11. الشمس المنتصرة – دراسة في أعمال مولانا الرومي 1978
12. الرومي – أنا النسيم وأنت اللظى، 1978
13. حمد إنه رسول الله 1981، **(کە هەندێك دەڵێن نزیکەی ٣٢ ساڵی لە نووسینیدا، پێچووە).**
14. مرآة قمر شرقي
15. من الخالق و من المخلوق؟ 1988 (الكتاب منهل من "فيه ما فيه" لمولانا الرومي)
16. عنادل تحت الثلج 1994
17. روحي أنثى، الأنوثة في التصوف الإسلامي 1995 **(کە بەندە وەریگێڕاوە).**
18. المسيح ومريم في التصوف الإسلامي ١٩٩٦

ئەمە هەندێك لە کتێبەکانییەتی کە تیایدایە قەبارەی دەگاتە (١٠٠٠) لاپەڕە.[5]

لە سەرەتای مانگەکانی ساڵی ٢٠٠٣دا لە (بۆن) کۆچی دوایی کرد و وەصیەتی کردبوو هەم سوورەتی فاتیحەی بەسەردا بخوێنن و هەمیش هەرکەس بێتەسەر گۆڕەکەی سوورەتی فاتیحەی بۆ بخوێنێت، ئەمێستاش ئەو فەرموودەیەی ئیمام عەلی لەسەر گۆڕەکەی بەزمانی عەرەبی نووسراوە کە دەفەرموێت (الناس نيام إذا ماتوا انتبهوا)

**تەوەری دووەم: پێگە و ڕەهەندی ئافرەت لە دیدی شمیلدا**

5 پەنجەرەکانی ژیان: موسعەب ئەدهەم، ل ١٠٣-١٠٦. آنه ماری شيمل – بازتاب إسلام: بهاءالدين بازرگانی گيلانی، ص22



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەقەکانی تەسەوف چەندەها خوێندنەوە و ڕاڤە و گۆشەنیگای جیاوازی لەخۆگرتووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی چەندەها ڕەهەندی ڕۆحی و هزری لەخۆگرتووە، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەیگۆڕێت، خانمی شـــمیلیش یەکێك لە کارە لە پێشینەکانی نووسین بووە لەم بوارەدا و توانیویەتی بە باشی ئەسپی خۆی تاو بدات، ئەم تەوەرەش لە چوار باس پێکهاتووە:

**باسی یەکەم: قورئان و سوننەت وەك سەرچاوەی پەسنی ئافرەت**

پێگەی ئافرەت لە قورئاندا جێگەی هەڵوێستەلەســەرکردنە، هێندە بەســە کە یەکێك لە ناوی ســوورەتەکانی قورئان بە ناوی ژنانەوەیە (النســاء) و، خودا لە چەندین شـوێندا ناوی ئافرەتگەلێکی هێناوە و زۆر بە جوانیش **شـمیل** لە بەرهەمەکانیدا شـیکاری کردوون و باسی لێکردوون، لەوانە (مەریەم و حەوا و ئاسیا و بەڵقیس و هاوسەری ئەبولەهەب)، بۆیە شمیل دەربارەی خێزانی ئەبو لەهەب دەڵێت: "لە هەر شوێنێکی قورئان باسی پیاوانی بڕواداری کردبێت، یەکراست بە شوێنیدا باسی ژنچاکان و تێکڕای ئەو ئەرکە ئایینییانەشی کردووە، کە دەکەوێتە سەرشانی ژن، بە هەمانجۆر لەسەر پیاویشی واجب کردووە؛ بەڵام ئەمە بەدەرە لەو تاکە وێنە نەرێنیی و نێگەتیڤەی هاوسەری ئەبو لەهەب، کە لە سوورەی (مەسەد)دا هاتووە و ئەوپەڕی دوژمنایەتی لە گەڵ موحەمەدا (د.خ) نواندوە و، قورئانیش بە دەســـتەچیلە هەڵگر (حمالة الحطب) وەســـفی دەکات، کە نیشـــانەی نەفرینبوونی و بێبڕواییەکەی بووە".[6]

لە شـــوێنێکی دیکە وەك بەرگرییەك لە ئافرەت فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکاتە بەڵگە و دەڵێت: "دەربارەی ڕێگەپێدانی پیاو بە سزادانی هاوسەرە بێگوێ و سەرەڕۆکەی، ئەوا خۆ لە بری ئەوەشدا، فەرمایشتێکی پێغەمبەر (د.خ) هەیە تیایدا گوفتاری نەرم و نیان لە ڕووی جوان مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا؛ بەدی دەکرێت، دەفەرموێت: (باشترینتان ئەوانەن، کە بۆ خێزانەکانیان باشـن)[7]". باس لە هاوتایی و یەکسـانی نێوان ژن و پیاو دەکات و دەڵێت: "هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ؛ ئەمە لە سوونەتدا بەوە ڕاڤەی پۆشـــاك دەکرێ، کە "من"ــــــــەکەی دیکەی مرۆڤە، ئەمەش لە خۆیدا ئاماژە دەدات بە هاوتا یان هاوکوفێکی بابەتیی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان دوو ڕەگەزەکە هەیە".[8]

دەربارەی مەریەمیش دەڵێت: "گەر لە قورئاندا ئاماژە بە تاکە ئافرەتێك کرابێ ئەوا "مەریەم"ــــــــی پاکیزەی دایکی پەیامهێن عیســـایە (د.خ)، کە دارای پێێگە و مەقامێکی بڵندە لە ئیســـلامدا .. مەریەم ئەو ڕۆحە بێدەنگە خوداناســـەیە؛ کە شـــیاوی ئەوەیە چەندەها توێژینەوەي لەســـەر بکرێت".[9] کە حەزرەتی مەریەم جگە لەوەی ناوی ســـوورەتێکی قورئان بە ناوی ئەوەوە نراوە، پێگەیەکی جوانتریشی لە قورئاندا هەبووە.

هەرچی دەربارەی **حەوایە** دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو خانمانە وەك ئەفسـانەکان باسـی دەکەن **حەوایە** و لە پەراسـووی ئادەم (خ.د) درووســت بووە [دەربارەی ئەوەی کە لە پەراســوویەکی چەماوە درووســتبووە دەڵێت:] لەمســـەرەوە بۆ ئەوســـەری قورئان؛ یەك دەق نابینی باسی ئەوە بکات؛ حەوا بەرپرسیارێتی هەڵەی دەرپەڕاندنیانی لە بەهەشت، گرتبێتە ئەستۆ، یان هۆکاری یەکەمین هەڵەی جیهان بووبێت، لەبەرئەوە لە ئیســـلامدا یەکەمین هەڵە بوونی نییە و هەر دانیشـــی پێدا نانێت، بەڵام جەخار! زۆرجار دەبینین لە چیرۆك و ســـەرگوزشـــتەی پێغەمبەران لە ســـەرزاری گوتارخوێنان و چیرۆکخوانان، کە ســـیخناخە لە حیکایەتی پڕ لە فانتازیا و خەیاڵ، پێگەیەکی تر دەدەن بە حەوا و بە دوور و درێژي و قســـەی ئاڵ و واڵا لەســـەری دەدوێن کە دەبوو وانەبێت".[10] لە چەندان شـوێنی بەرهەمەکانیدا بە شـێوەیەکی سـەیر قسـەی زانا و پیاوچاکانی هێناوە دەربارەی وەصـفی حەوا.

یەکێکی تر لەو ئافرەتانەی باســـی دەکات هاجەرە خاتوونە و دەربارەی دەڵێت: "هەروەها یەکێك لەو خانمانەی ناویان بە بابەتی حەجەوە گرێدراوە، (هاجەرە) خاتوونی خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەرە (د.خ)، کە بۆ دەستخستنی ئاو بۆ کۆڕەکەی ئیسماعیل (د.خ)، حەوت جار دەور و خولی ســەفا و مەروەی داوە، تا کارێزی زەمزەم لەو شـوێنی هاتوچوونەیدا هەڵقوولا، کە دواتر ئەم هاتن و چوونەی وی، بووبە نەریتی حاجیان و دەبێت حەوتجار بە دەوری ئەو دوو کێوەدا، بســـوڕێنەوە. هەمان ئەم ڕووداوەش گرێدرا بە "**بۆرتیکۆ**"وە، کە دەگێڕنەوە گوایە کچەکەی نەمروودی ستەمکار کە ئیبراهیمی خستە نێو ئاگرەوە، بڕوای بە ئیبراهیم هێنابێ و هەردووکیانی پێکەوە خزاندبێتە ئاگرەکەوە؛ بەڵام هیچ زیانێکیان پێنەگەشت و نەسووتان".[11]

سـەبارەت بە **ئاسـیای** خێزانی فیرعەونیش، دەڵێت: "**ئاسیا**؛ خاتوونی بڕوادار و خێزانی فیرعەون بوو، کە موسـای (د.خ) لە دەســـتی فیرعەون ڕزگار کرد، هەردەم بە نمونەی ژنچاك دەهێنرایەوە و ئەو پێغەمبەرەی داهاتوویشـــی لەکن خۆ پاراســـت و

6 الأنوثة في الإسلام: آنا ماري شميل، ص97
7 رواه الترمذي في سننه، رقم الحديث 3895
8 الأنوثة في الإسلام: آنا ماري شميل، ص98
9 مصدر نفسه، ص99
10 مصدر نفسه، 102
11 الأبعاد الصوفية وتاريخ التصوف: آنا ماري شميل، ص491

شـاردییەوە، سـەرباری ئەو ڕێکارە سـەخت و قوورسـانەی لەو دەمەدا مێردەکەی گرتبوونیەبەر، کەچی هەر ئەم هۆکارە؛ بوو بەهۆی ئەوەی لە بەهەشتدا شوێنێکی بۆ تەرخان بکرێت. تەنانەت لە هەندێک لە بازنە سۆفییەکاندا بە "خانمی کامڵ" ناسراوە و، لە جوانییدا هاوبەشـــی **مەریەم** و **خەدیجە عائیشـــە** و **فاتیمەیە**، کە بە پاکیزەکانی بەهەشـــت؛ ناوزەد دەکرێن".[12] دەربارەی بەڵقیسیش کە شاژنی سەبەئە دەڵێت: "لە قورئاندا کەسێتییەکی ترمان هەیە، ئەویش شاژنی سەبەئە، کە بە بەڵقیس ناسراوە و لە سـورەتی نەملدا ئاماژەی پێدراوە، لە لایەن هودهودەوە شـوێن و کۆشـکەکەی دۆزراوەتەوە، دواتر شـوێن بانگەوازی پێغەمبەر سولەیمان (د.خ) دەکەوێت و، دەبێت بە بروادارێکی بەهێز و قەبوڵیشی دەکات ببێت بە خێزانی وی. پێشتر خۆرپەرست بوو، لە میانەی سـێ بەڵگەوە سـولەیمانی تاقیکردەوە، ئەویش زۆر بەئاسـانی لە تاقیکردنەوەکانیدا دەرچوو. پاشـان بە تروسـکایی زەوییە شووشـەییەکەی کۆشکەکەی، سەرسام بوو".[13] ئەمە سەرباری ئەوەی لە چەندین شوێندا زۆر بە جوانی باسی پێگەی حەزرەتی فاتیمە و خەدیجە دەکات.

ئەوەی گرنگە و شـمیل لە کتێبەکانیدا باسـی کردووە، دووبارەکردنەوەی ئەو قسـەیەی پیاوچاکی هندی ("میر دەرد"ــــــ ١٧٨٥ك)[14] دەڵێت: "ســــەرباری بوونی چەندین تێبینی نێگەتیڤ و نەرێنی جۆربەجۆر دەربارەی ژن، بەڵام مرۆڤ دڵی خۆش دەبێت؛ کاتێك یەکێك لە پیاوباشـانی موتەسـەوویفی هندي (میر دەرد ١٧٨٥ك) لە شـاری دلهییەوە، تێبینییەکی سـەرنجڕاکێش و جوان سـەبارەت بە ژن دەخاتەڕوو: من خێزان و منداڵەکانم فرە خۆشـدەوێت، تەنانەت زۆرێك وا دەزانن دیلی ئەوینی خێزان و منداڵەکانم، هەر خودا خۆیشـی دەزانێت، کە ئایا ئەو ئەوین و خۆشـەویسـتییەم لە هێز یان ئارەزووی حەیوانییەوە سـەرچاوەی گرتووە؛ یان لە سرووشتی مرۆڤبوونەمەوەیە؛ یان لە خۆشەویستی هەستەکیی پاکمەوەیە. یاخوود نا؛ بەڵکو دەرخەری ئەو هێزە خوداییەیە کە لە ڕەحمەت و سۆز و بەزەیی ویدا، ڕەنگیداوەتەوە؟"[15]

**باسی دووەم: بایەخدانی و ناساندنی ئەو بەرهەمانەی سەبارەت بە ئافرەت نووسراون**

لەم باسەدا زۆر بە کورتی و بە شێوەیەکی پلەبەندی مێژوویی قسە لەسەر گرنگترین و ناساندنی پوختی ئەو کتێبانە دەکەین، کە لە دیدی شـیملەوە سـەبارەت بە ئافرەت، نووسـراون، بۆیە هەر خۆی دەڵێت: "سـاڵی 1950 گووتارێکم سـەبارەت بە ژن لە تەسـەووفدا نووسـی، بەشـێکی بە پاڵنەری کەسـیی بوو، بەشـەکەی دیکەی بەهۆی یەکێك لە مامۆسـتاکانمەوە بوو، کە لەگەڵیدا بەقووڵی لەبواری مێژووی ئایینەکاندا کارم کرد، لەو ماوەیەدا هەسـتام بە پێشـکەشـکردنی چەندین وانە و کۆڕ دەربارەی دۆخی ژن لە ئایینەکاندا و، چەندەها تێڕوانینی نوێش دەربارەی ئەو بابەتە هاتنە ئاراوە"،[16] کە لە مانەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

**یەکەم**: (مارگرێت سمیس)[17] یەکەمین کەس بوو بابەتی (ژن لەتەسەووفدا)ــی وتەوە و، لە پەرتووکە ڕەسەنەکەیدا دەربارەی ڕابیعەی مەزن لەژێر ناونیشانی: (ڕابیعەی موتەسـەویف و وەلییەکانی دوای ئەو لە ئیسـلامدا) و سـاڵی 1928 چاپکرابوو. شمیل دەڵێت: یەکێك بووم لەوانەی سـەرسـامی ئەو پەرتووکە بووم، نەك تەنێ لەبەر بایەخە ئەدەبییەکەی؛ بەڵکو بەهۆی نزیکی کتێبەکە لە فیگەرە بەرز و پیرۆزەکان و خانمانی سۆفی سەرمەشق لە جیهانی ئیسلامیدا".[18]

**دووەم**: باس لە نووسـەر (ڕۆس ڕۆدید[19]) دەکات و دەڵێت: "لە پەرتووکەکەی دەربارەی (ژن لە ژیاننامەی ئیسـلامیدا) ئەوە دەخاتەڕوو کە لەسەدەی نۆیەمەوە هەتا ئەمڕۆ، ڕێژەی بەشداری ژن لە بەرهەمە ژیاننامەییەکاندا جێگیر و چەسپاوە".[20]

**سێیەم**: لە سێیەکی نیوەی سەدەی نۆزدەدا بەرهەمە ناوازەکەی (ئەشرەف عەلی سانەوی) بەناوی (بیهیشتی زیوار)، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە هیند لەگەڵ **مارەییدا وەك دیاری بە کچان دەدرا**.[21]

---

12 الأنوثة في الإسلام، ص102

13 مصدر نفسه، ص 103

14 (١٧١٢-١٧٨٥): شـاعیر و سـۆفییەکی دیهلەوی هیندیی مەزنە لە سـەدەی هەژدەیەمدا ژیاوە. بە زوبانی ئۆردی نووسـیویەتی، خاوەنی کتێبی (علم الکتاب)ـە. معجم الفلاسفة: طرابيشي، ص283

15 الأنوثة في الإسلام، ص 106

16 الأنوثة في الإسلام، ص 20

17 (١٨٨٤-١٩٧٠ك) نووسـەر و توێژەرێکی مەسـیحییەتی بەرایی و تەسـەووفی ئیسـلامییە، یەکەم کەس بووە توێژینەوەی مێژوویی دەربارەی ژیانی ڕابیعەی بەصری کردووە و، چەندەها چیرۆك و سەرگووزەشتەی دەگمەنی دەرهەق بە خانمە موتەسەوویفەکانی دیکە نووسیوە، چەندین دەقی عەرەبی و فارسـی کردووە بە ئینگلیزیی. دیارترین بەرهەمەکانی: "المحاسـبي من باكورات متصـوفي بغداد"، رابعة متصـوفة وما تلاها من أولياء". بڕوانە: /https://www.womenofthehall.org/inductee/margaret-chase-smith

18 الأنوثة في الإسلام، ص21

19 (١٩٤٣ك) مامۆسـتای مێژووی ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و توێژینەوە بەراوردکارییەکانە لە زانکۆی عیبری، بایەخ بە توێژینەوەی ژن و ئافرەت دەدات لە ئیسلام و یەهودییدا. بڕوانە: النساء فی التارجم الإسلامية، روث رودد، ص13

20 الأنوثة في الإسلام، ص22

21 الأنوثة في الإسـلام، ص22. بۆ ژیاننامەی هەریەك لەو فیگەرانەی لە نێو دەقەکاندا هاتوون، بگەڕێنەوە سـەر هەمان سـەرچاوەی کە ئاماژەمان پێکردووە.

**چوارەم**: هەندێک بەرهەمی وەك کتێبەکانی دەبۆتی (نازیر ئەحمەد) بەناوی (مرآة العروس) تیایدا وێنای ژنێکی پاڵەوان و فێرکار و کۆششکار دەکات، کە هەڵدەستێ بەکاری خێرخوازیي وەك ناردنی پۆشاك لەزستاندا بۆ هەژاران و بێدەرەتانان؛ بەڵام لەهەندێ بۆنەی دیکەشدا قورئانیان دابەش دەکرد.[22]

**پێنجەم:** هەروەها عیشقی سۆفییانە لە بەیتە شیعرەکانی خانمە شاعیری فارسی (مەهەستی) یشدا دەردەکەوێت، کە چوارینە گاڵتەئامێزەکانی کران بە دەق و تێکستی گۆرانی خانمانی فارسی-تورکی.[23]

**شەشەم**: نابێ بێئاگابین لەو بەیتە شیعرانەی ژنان و خانمە دەرەبەگەکانی وەك بەرهەمەکەی (فەخری ئەلهەراویی) کە ساڵی 1560 لە سند بەنێوی (جواهر العجائب)-ەوە نووسیویەتی. هەرچی بەرهەمەکانی خانمی مەغۆلی (زیب النساء 1689ك)یشە، بە نمونەیەکی باشی ئەم مەیدانە دادەنرێت.[24]

هەموو ئەم بەرهەمانە و زیاتریش **شـــیمل** ئاماژەی پێکردوون و، لە دانراوەکانیدا تۆماریکردوون، کە هەر خۆی دەربارەیان دەڵێت: " ئەم دیوان و بژاردانە –ئیستـاشــی لەگەڵ بێت- دەرخەری ئەوەن چۆن خانمە موسـوڵمانەکانی تەواوی کۆمەڵگاکان، لە نووسینی شیعر و ئەدەبدا بەشداربوون. هەروەها دەتوانین و جێی خۆیەتی پشتبەست بەو جوانووسە ناوازانەی ناوی خۆیان لەســـەر قورئانی پیرۆز یان دەقەکانی دیکە نووســیوە، ئاماژە بە ناوی ئەو خانم و مامۆســتا و فێرکارانە بکەین و زانیاریگەلێك دەربارەیان چنگ بخەین، کە لەلایەن ژنچاکان خوێندوویانەوە و شتێکیان لێ فێربوون".[25]

**باسی سێیەم: ئافرەتە دەسەڵاتدارەکان وەك چالاکوانی سیاسی**

بێگومان دەبێت هەردەم ئەو خانم و دایکانەی خەلیفەکانمان لەبیربێت، کە چەشـنی چالاکەوانی سـیاسـی بوون، تەنانەت با بە شێوەیەکی دیار چالاکی سیاسیشیان ئەنجام نەدابێت، بەڵام خۆ لەساڵی (900)ـــی کۆچییدا چالاکی ئایینیان کردووە و لەناوچە دوورەدەستەکانی جیهانی ئیسلامیدا وەك دەسەڵاتدارێك دەردەکەوتن، کە هەر وەك بەرچاوڕوونی تیشکدەخەینەسەر هەندێکیان:

**یەکەم:** لە دوورگەکانی ماڵدیف شاژنێکی موسوڵمان هەبووە و، دارای ئازایەتی و ئازادییەکی سەرسوڕهێنەر بووە، هاوکات ژنانی کۆمەڵگەی تەواریقی باکووری ئەفریقاش هەمان پەسنیان تێدا بووە.[26]

**دووەم**: خانمان لە نەریتی تورکیادا ئەوپەڕی ئازادیان هەبووە، لەبەرئەوەش بوو حاکمی دیلهی بەڕەگەز توورك (ئیلتوتمش) ساڵی 1236 (ڕازیا رەزا)-ی کچی کردە جێنشینی خۆی.[27]

**سێیەم**: چەند ساڵێکیش پێش وی بۆ ماوەی چەندین ساڵ (شەجەرەتودوڕ) کەپێشتر کەنیزەك بوو، حوکمی میسری دەکرد.[28]

**چوارەم**: لەم دوایانەشدا چینی خانمانی دەسەڵاتداری هیند، ڕۆڵێکی گرنگیان بینی نەك بەتەنێ لە سەردەمی مەغۆلدا، بەڵکو لە مەمالیکەکانی (دەکان)یشدا، بەتایبەتی لەم بابەتەدا؛ ڕۆڵی شاژنی (تشاند بیبی) کچی (ئەحمەد نەجار) بەرز ڕادەگیرێت، کە ساڵی 1600 لەکاتی بەرگریکردنی لەپایتەختی وڵات لەلایەن ئەفسەری سەربازییەوە لەکار لادرا.[29]

بۆیە سەرباری باسکردنی ئەم چەند کەسایەتییە، هەر بە خۆی دێتەگۆ و دەڵێت: " ئەدەبی میللی سیخناخە لەو سەرگوزشتانەی باسی فێڵ و تەڵەکەی ئافرەتان دەکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت نابێت ئێمە لەڕۆشنایی ئەو گێڕانەوانەوەدا هەڵوێستێکی دیاریکراوی موســـوڵمانان، بەرامبەر ئافرەت دەربڕین؛ چونکە خۆرئاواش بەهەمان دۆخدا تێپەڕیووە، گرنگترینیان هەوڵی لاهوتییەکان بوو دەربارەی ئەو بابەتەی کە (ئایا ئافرەت لە بەهەشتدا بە دیتنی خودا شاد دەبێت؟) ئەوەی بەزاراوە لاتینییەکەی پێی دەڵێن ( visio beati) کەچی ئەو بابەتە لە کن خودی لاهوتییەکان نەبێت، کەس هەر باسـیشــی نەدەکرد، نەك هەر ئەوە، ئەسـڵەن ئافرەت هەر دەچێتە بەهەشـــت؟ لەکاتێکدا بە گوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بێت: "زۆرینەی خەڵکی ئاگر ئافرەتن"؟[30] بەڵام ئەوەی تێبینی ژیانی وی (د.خ) کردبێت، هەســـت دەکات ئەم بابەتە دژبەر دێتەوە لەگەڵ ئەو بەســـەرهاتەی لە نێوان پێغەمبەرو (د.خ) ئافرەتێکی بەتەمەندا، ڕوویداوە و پرســیاری لێدەکات، ئایا ئێمەمانانی بەتەمەن دەچینە بەهەشــتەوە؟ ئەویش (د.خ) فەرموویەتی: "نەخێر، بەڵکو گەنجدەبنەوە و ئەوســا دەچنە بەهەشـــتێ".[31] مرۆڤ نابێ بێئاگابێت لە بەها و پێگەی ئافرەتی مێرددار بەتایبەتی (دایك) لەکۆمەڵگەی ئیســـلامیدا، کەزۆرجار ئەو گووتەیەی پێغەمبەر (د.خ) وەبیردەهێنرێتەوە: "گەر ئافرەت بۆ غەیری خودا

---

22 مصدر نفسه، ص23
23 مصدر نفسه، ص24
24 مصدر نفسه، ص24
25 الأبعاد الصوفية، ص 493
26 رحلة ابن بطوطة، ص122
27 الأنوثة في الإسلام، ص26
28 المواعظ والاعتبار: المقريزي، (277/1)
29 الأنوثة في الإسلام، ص26
30 رواه البخاري، رقم الحديث 3241
31 رواه الترمذي، رقم الحديث 2000



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

درووست بایە سوژدەبەرێ، ئەوا فەرمانم پێدەكرد كڕنووش بۆ مێردەكەی ببات"، بەوەی ئەم فەرموودەیە دژیەك دێتەوە لەگەڵ بنەمای یەكسانییدا، بەڵام ئایا هەر لەهەمان دەقی كتێبی پیرۆز ناچێت، كە ڕوودەكاتە ئافرەت و دەڵێ "پیاو گەورەی تۆیە".[32]

**باسی چوارەم: ئەو ئافرەتانەی نوێنەرایەتی خوداناسی دەكەن**

**شـمیل** دەڵێت: "لە ئاخروئۆخری سـەدەی 12دا، هەریەك لە كتێبی (تذكرة الأولیاء ـــی عەتتار) و ئەو بەرهەمەی (جامی 1492ك نفحات الأنس)، كە هەمواری ئەو كتێبەی "خاجە عەبدوڵڵای ئەنسـاریيە و 1089ك" وەك سـامپڵێك دوای 300 سـاڵ سەبارەت بە "سیر الأولیاء" نووسیویەتی، نوێنەرایەتی سەرجەم ئەو ئەفسانە دوور و درێژانە دەكەن كە لە ژیاننامەی پیاوباشاندا هەبوون، هەمیشـەش لە ڕیزی بەرهەمە توركی و هیندییەكانی ئەم دواییانەدا، هاتوون. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەمانەدا، كەمترینیان ناوی ئافرەتە خوداناسـە سـۆفییە ناسـراوەكانی، بردووە. زۆریش بەداخەوە كتێبەكەی (سـولەمی)دەربارەی خانمە لەخواترسەكان، لەنێوچووە و گومبووە"؛[33] بەڵام كۆی بەرهەمە كلاسیكی و سۆفیزمەكان، باسی چەندەها ژنچاكمان بۆ دەكەن كە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

**یەكەم:** (ڕابیعەی عەدەوی)یە، وەك هەمووان لە كەلەپوری سـۆفیدا پێی ئاشـنان. ئەم خانمە یەكەمین كەس بوو لەسـەدەی هەشتدا ڕەگەزی عیشقی ئیلاهی ڕەهای بۆ تەسەووفی زوهدی توندئاژۆ، سەربار كرد.[34]

**دووەم: سـەیدە نەفیسـە؛** كە لە نەوەی پێغەمبەرە و (د.خ)، هاوسـەگیری لەگەڵ كوڕی شـەشـەمین ئیمام (جەعفەری سـادیق 765ك)دا كردبوو، لەگەڵ (سوكەینە)ـی ئامۆزایدا ڕۆشتنە میسر، ناوبانگی بە خوداناسی دەركردبوو، پێشەوایەكی وەك شافعی؛ خوی گرتبوو بە نوێژكردن لەگەڵ ویدا. لەبەرئەوە خانمێكی لەم چەشنە ئاساییە دارای چەندەها كەراماتیش بووبێ، لەوانە بەهۆی ئاوی دەستنوێژەكەی ئەوەوە، خانمێكی یەهودی شیفای بۆ هات و چاكبوویەوە.[35]

**سێیەم:** ئەوە (ئوم حەرام)ـــی خزمی پێغەمبەرە (د.خ)، كە بەوپەڕی پەرۆشیی و لێبڕانەوە بەشداری بەراییەكانی جەنگی دژی قوبروس كرد، تا لە یەكێك لە جەنگەكانی جیهاددا و بەدیاریكراوی ساڵی 27ـی كۆچی كە بەرامبەرە بە ساڵی 649زایینی، شەهید بوو.[36]

**چوارەم:** مەریەمی بەسـریی كە بەهۆی زوهدەكەیەوە گیانی سـپارد. خانمە شـاعیری توركی هاوچەرخ (لالا موڵدێر Lale Mueldue) كە هۆنراوەیەكی ناسكی بۆ نووسیوە.[37]

**پێنجەم:** بەحریەی موسڵییە، بە ئافرەتێكی خوداناسـی گرۆز ناسـراو بووە، هێندە لەترسـی خودا گریاوە تا چاوەكانی لەدەست داوە، لەبەرئەوە دەڵێت: كوێری ئاشكرا وەها دەكات عاشقانی خودا جوانتر شتەكان ببینن. وتراوە چاو نابێتە ڕێگر لە نێوان بینەر و بینراودا.[38]

**شەشەم:** خانمێكی دیكەی خوداناس هەیە بە نێوی (ڕەیحانەی والیهە) كە هەمیشە سەرقاڵی زوهد بووە.[39]

**حەوتەم:** یەكێك لە كەسـایەتییە گرنگەكانی تەسـەووفی بەرایی خانمە (شـەعوانە)یە كە بە گرۆز و گرینۆك ناوبانگی دەرچوو بوو. هەمیشە زاهیدی گەورەی ئیسلام (**فوزەیلی** كوڕی **عەیاز** 803ك) داوای دۆعای خێری لێ دەكرد.[40]

**هەشتەم:** خانمە خوداناسێكی تر هەیە بەنێوی (ئامینە ئەلرەملییە) كە هەمیشـە هەریەكە لە (بیشری حافی 841ك) خوداناس و فەرموودەناسی مەزن (ئەحمەدی كوڕی حەنبەل 855ك)، داوای نزا و تكای خێریان لێكردووە.[41]

جگە لەمانەش خانمی شمیل باسی چەندەها ژنچاكی نێو ژیاری ئیسلام و تەوسـەووفمان بۆ دەكات، كە لێرەدا زۆر بە كورتی تەنها ناوەكانیان دێنین، بۆئەوەی خوێنەر بتوانێت زیاتر ئاشـنـا بێت بەو ئافرەتانە، لەوانە: **موعازەی بەسـریی، دایكی سـەهبا، خانمە موریدەكانی سـرِی سـەقەتی، فاتیمەی نەیسـابووریی، هاوسـەری ئەحمەدی خەزرەوەیهی، فاتیمەی زیرەك، ڕابیعەی كچی ئیسـماعیل خێزانی ئەحمەدی كوڕی ئەبولحەواری، ڕەباحی قەیسـی، خێزانەكەی حەكیمی تورموزی، كچەكەی پێشـەوا نووری كە لە زیكردا گیانی سـپارد، فاتمەی كچی پێشـەوا كیتتانی، خانمە موریدەكانی شـیبلی، خوشـكەكەی حەللاج، ئەمیرە شـاهانرا، عوەینە داپیرەی ئەبولخەیری تیناتی ئەقتەع، پووری شـێخی گەیلانی، بی بی نازەنین موریدی خاجە عەبدوڵڵای**

32 نشيد الإنشاد: (11: 45). الأنوثة في الإسلام، ص29
33 مرآة قمري شرقي، آنا ماريا شميل، ص5
34 الأبعاد الصوفية، ص492
35 تاريخ ابن خلدون، (234/3)
36 أسد الغابة: ابن الأثير، (359/3)
37 الأبعاد الصوفية، ص493
38 الأنوثة في الإسلام، ص68
39 الأبعاد الصوفية، ص495. الأنوثة في الإسلام، ص68
40 الطبقات الصوفية: السلمي، 120.
41 الأنوثة في الإسلام، ص71

**ئەنساریی، ئوم فەزڵ حەمراسی، زەینەبی كەمالی، كەریمەی مەروەیی، خەدیجەی جوهەینی، شوهدەی نووسەر، ئوم محەمەد عائیشـــە، فاتیمەی كچی تاجوددین، فاتیمەی كچی موســەننا، نەزژام كچی شـێخ مەكین، زەینەبی قەلعییە، بیبی نیشــی، بوبو ڕاستی، ئامینە خاتوون، فاتیمە شاه نارا ..)**[42] ئەمانە و چەندانی تریش، كە ئەم ڕۆژ هەڵاتناسە باسی كردوون.

**كۆتایی**

دەكرێت لەم كۆتاییەدا لە گۆشــەنیگای دانراو و كتێبەكانی ئەم خانمەوە، كە خزمەتێكی ئێجگار گەورەی بە ژیاری ئیســلامی كردووە، چەند بۆچوونێكی دەربارەی ئافرەت بخەینەڕوو، هەرچەندە لە ناوكۆی توێژینەوەكەشدا، ناوە ناوە ئاماژەمان پێكردبوو:

- لە جەنگی جیهانی دووەمدا نزیكەی شەش مانگ لە زیندانندا مایەوە و ناچار كرا لە كارگەكانی نازییدا كاربكات و لەوێ چەندین كتێبی لەگەڵ خۆیدا بردبوو و كە ئەو كات تەمەنی ١٧ ســـاڵ بوو، لە ســـاڵی (١٩٤٦)دا تاقیكردنەوەی ئەنجامدا و پاش هەفتەیەك لە ئازادكردنی پلەی مامۆســـتای زانكۆی وەرگرت. تا ئەو دەمە یەك مامۆســـتای ئافرەت لەو زانكۆیەدا وانەی وتبوویەوە.[43]
- لەو دەمەی شمیلی خانم لە زانكۆی ئەنقەرە وانەی دەوتەوە ژمارەی ئەو مامۆستا ئافرەتانەی لەوێ وانەیان دەوتەوە زۆر زیاتر بوو لە مامۆســتا ئافرەتەكانی زانكۆی (بۆن)ـــــی ئەڵمانیا، كە ئەم ڕووداوە زۆر ســەرنجی شــمیلی ڕاكێشــا و بەو ژیارە ئیســلامییە ســەرســام بوو و نرخ و بەهای ئافرەتی مســوڵمان و ڕێزگرتنی وی لەلایەن كۆمەڵگەی مســڵمانەوە بۆ دەركەوت و، هەمیشــە ئاماژەی بەم خاڵە پرشــنگدارە دەدا، بەتایبەت لەو كاتانەی باســی دوورخســتنەوە و پەراوێزخســتن و چەوســاندنەوەی ئافرەتانی لە كن دەكرا.[44]
- هەروەها گەر ئێمە ویســتبێتمان لەم بوارەدا هەوڵێكی نوێ پێشــكەش بكەین كە هیوادارین بۆ تێگەشــتن لە دۆخی مێینە لەئیسلامی سۆفیدا باشترین كارێك بێت، ئەوا بەو مانایە نایەت ئێمە دەست بكەین بە تۆفانی ئەدەبی پشتگیریكردن لە ژن، ئەوەی كە لەئێستادا پێیدەڵێن (فیمینیست).
- زۆر ســـەیرم لێدێ ئایینێكی وەك ئیســـلام بە ئایینی دژە ژن ناوزەد بكرێ، چونكە زۆرینەی جار موحەممەد (د.خ) ئاماژەی پێداوە كە: "ســێ شــتم بەلاوە خۆشــەویســتكراوە: بۆنی خۆش، ئافرەت، نوری چاوم لە نوێژدا." ئافرەت چەشــنی گوڵاو وەهان و بۆنیان خۆشـــە. لێرەدا پێویســـتە ئاماژە بە (خەدیجە 619 كۆچی كردووە) بكەین، كە بۆ ماوەی 25 ســـاڵ تاكە خێزانی پێغەمبەر (د.خ) بووە، هەر ئەویش بوو كاتێك بۆ یەكەمین جار ســـروشـــی بۆهات، لە ســـەرجەم گرێوگۆڵ و ناهەمواریییە دەروونییەكانی پەیامبەردا، هاریكار و پاڵشـــتی بوو. لەهەمانكاتدا كچی گەورەی ویش فاتیمەی دایكی هەردوو شـــەهید و نەوەی پێغەمبەرن (د.خ)، كە لەلای شـــیعە بە نمونەی هەرەبەرزی خانمان دادەنرێ. لە ئیســـلامدا ڕەگەزی دایك ڕۆڵی مەركەزیی و چەقی داگیر كردووە، هێندە بەســـە ئاماژە بەوە بكەین، كە وشـــەی (رحمة) لە بنەڕەتدا لە چاوگی (رحم)وە هاتووە، لەبەرئەوە دەكرێ "عیشقی دایك" بە واتا فراوانەكەی عیشقی خودای بەدیهێنەر بێت.[45]
- سەبارەت بە ئایەتی حیجاب كە دەڵێت: (قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَـــعُونَ) لەوانەیە ئەم داخوازییە مەبەســـت پێی ڕێزگرتن بێت لێیان، لە نێوان ئەوان و ژنانی دیكەی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگە، كە پۆشـاكێكی سـووكتر و تەنكتریان لەبەر كردبوو؛ چونكە ئەو داپۆشـینە شـەرەف و ڕێز بوو نەك نیشـانەی تەنگ پێچپەڵچنینیان و نارەحەتكردنیان.[46]
- زۆرجاران خێزانی دووەمی مەولانا مەدح و وەسفی (كیرا سەلیلە)ـــی دەكرد، كە یەكێك بوو لە ئەندامی خانەوادەیەكی مەســیحیی، بەوەی ئەو چەشــنی مەریەم (د.خ) یان (رابیعەی عەدەویی)ە. هەندێ لە خانمان بەدرێژایی مێژووی تەســەووف لە بڵاوكردنەوەی تەریقەتی مەولەوی كە كوڕە گەورەی مەولانا (سوڵتان وەلەد 1312ك) دایمەزراندبوو، چالاك بوون، هەندێ لەو خانمانەش لەبنەڕەتدا كچی خۆی بوون.[47]

- **لیستی سەرچاوەكان:**
- **سەرچاوەی كوردی**

1. ئانا ماری شمیل. ڕۆحم مێینەیە، و. زانا ناجی، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕەهەند 2021.

42 الأبعاد الصوفية، ص498-505
43 الأنوثة في الإسلام، ص7
44 روحي أنثى، لميس فايد، ص9
45 مرآة قمر شرقي، ص33
46 الأبعاد الصوفية، ص334
47 الأنوثة في الإسلام، ص56

2. موسعەب ئەدهەم. پەنجەرەكانی ژیان، چاپی یەكەم، ناوەندی سایە، 2019.

- **سەرچاوەی عەرەبی**

3. ابن الأثير. أبو الحسن علي بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري المعروف بــابن الأثير. أسد الغابة، دار إحياء التراث العربي، بيروت 1417 هـ، الطبعة الأولى، 1996م.
4. آنه ماری شيمل – بازتاب إسلام: بهاء الدين بازرگانی گيلانی، تهران 2010
5. آنا ماري شميل. الأنوثة في الإسلام، الطبعة الأولى، القاهرة 2016
6. آنا ماري شميل. الأبعاد الصوفية وتاريخ التصوف، ت: محمد إسماعيل السيد، رضا حامد قطب، منشورات الجمل، الطبعة الأولى 2006.
7. آنا ماريا شيمل. مرآة قمري شرقي ، ت. أمل الجبوري، دار الديوان – بغداد، الطبعة الأولي.
8. ابن بطوطة. رحلة ابن بطوطة. محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهيم ابن بطوطة، دار إحياء العلوم – بيروت، الطبعة الثالثة.
9. الترمذي. الحافظ أبى عيسى محمد بن عيسى الترمذي حققه وصححه عبد الوهاب عبد اللطيف: سنن الترمذي - وهو الجامع الصحيح، دار الفكر للطباعة والنشر, الطبعة الأولى.
10. الجامع الصحيح المختصر: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، دار ابن كثير ، اليمامة – بيروت الطبعة الثالثة ، 1407 – 1987، تحقيق : د. مصطفى ديب البغا.
11. ابن خلدون. تاريخ ابن خلدون: عبدالرحمن بن خلدون، ضبطه: الأستاذ خليل شحادة، دار الفكر للطباعة، بيروت، الطبعة الأولى، 2001
12. روث رودد. لنساء فى التراجم الإسلامية، ت. عبدالله بن إبراهيم العسكر، دار الحمراء – الكويت الطبعة الأولى، 2013م.
13. السلمي. أبو عبدالرحمن السلمي، الطبقات الصوفية، تحقيق: أحمد الشرباصي، الطبعة الثانية 1998.
14. طرابيشي. معجم الفلاسفة، دار الطليعة – بيروت، الطبعة الثالثة.
15. المقريزي. أحمد بن علي بن عبد القادر، أبو العباس الحسيني العبيدي، تقي الدين المقريزي (ت ٨٤٥هـ). المواعظ والاعتبار، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة: الأولى، ١٤١٨هـ.

- **پێگەی ئەلیكترۆنی:**

1. https://www.womenofthehall.org/inductee/margaret-chase-smith



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034